# سەرچاوە و ڕەهەندی زنجیرە تەقینەوەکانی لەندەن، لە کێوە بۆ کوێ

هەژێن

٢٠٠٥/٠٧/٠٧

تێکەڵبوونی هەواڵەکان، بە یەکداچوونی نیشانەکانی پرسیار و سەرسوڕمان، وامان لێدەکەن، ڕووداوەکانی ئەم چەند ڕۆژەی ڕابووردوو پێکەوە بلکێنینەوە، تاوەکو ڕاستییە شاراوەکانی پشتپەردەی میدیاکان و تۆڕی ئەنتەرنێتی ئیسلامییەکانمان، بۆ دەرکەون.

هەفتەی پێشوو، لەندەن و شارە گەورەکانی دونیا، مەیدانی خرۆشانی جەماوەری بوون، دژ بە هەژاری و هەوڵێک بۆ لابردنی قەرزەکانی وڵاتانی ئەفریکی و زنجیرە ئاهەنگ و پرۆتێستیان گرتە خۆ. ئەم دوو ڕۆژەی دواییش، بوونەوە بەمەیدانی نارەزایەتی بە کۆبوونەوەی G8 و شەڕ و پێکدانانی نێوان خۆپیشاندەران و پۆلیس. ئەمرۆ بەیانی زووش، کاتێک کە کارگەران و فەرمانبەران و زەحمەتکێشان، جەستەی شەکەتی دوێنێیان باری لاقەکانیان دەکردەوە و بەرەو شوێنی هەراجکردنی ژیانیان دەچوونەوە، کاتێک کە هەڵسوراوان و چالاکانی بزووتنەوەی دژە سەرمایەداری خەریکی بەڕێکەوتنەوە بوون، بەرەو بەردەم بارەگەی سەرانی G8، کاتێک کە هێشتا لاوانی لەندەن، سەرمەستی هەواڵی ئۆلۆمپیکی ٢٠١٢ ی شارەکەیان بوون، پەیامهێنەرانی جەنگەڵ بەزنجیرەیەک تەقینەوە، خەڵتانی خوێنیان دەکەن.

ئایا کۆبوونەوەی ئەم گشتە ڕووداوانە، ڕێکەوتە یا دەستێکی شاراوە بەم تاوانە قوفڵی ڕووداوەکانی چەند ڕۆژ لەوەوبەر دەدا، تاوەکو ترس و سڵەمینەوە سێبەر بەسەر ئەم شتانەدا بکات؟

هەوڵنێری ئاڵمانیا ڕایگەیاند، کە چەند ڕۆژ لەوەوپێش دەسەلاتدارانی بریتانیایان لە مەترسی ئەم تەقینەوانە لە لەندەندا ئاگادار کردۆتەوە، هەر وەک چۆن لە پێش ١١ی سێپتەمبەردا دەزگەی هەواڵگری فەرەنسا، دەسەلاتدارانی ئەمریکیان ئاگادار کردبووەوە! ئایا ئەم پشتگوێ خستنانە، لە بێبایەخی گیانی هاوولاتیانانەوەیە یا زێرینی هەلێک کە ئەم تیرۆرانە بۆیان دەستەبەر دەکەن. ڕووداوی ١١ی سێپتەمبەر ڕێگەی بۆ لەشکرکێشی و داگیرکردنی ئەفگانستان و عیراق خۆشکرد، ئەی ئەمەیان بڕیارە چ چەپکەگوڵێک لە بەرۆکی سەرانی سەرمایە و دەستخۆشی لە کام پیلانی نێو کۆبوونەوەکانی G8 دەکات؟
گچکە جۆرج بوش، جارێکیتر دژ بە بڕیارەکانی کیۆتۆ بۆ پاراستنی ژینگە، وەستایەوە. لە دوێنێوە خەریک بوو، ئەم پرسە مقۆمقۆی دروست دەکرد و کارایی لەسەر رای گشتی ئەورووپا بەرامبەر ئەم سیاسەتەی ئامریکا دروست دەکرد، لەپڕ دابەزینی سروشی تیرۆر لە ئاسمانەوە بۆ تیرۆریستانی ئیسلامی، پەردەی بەسەر ئەم هەڵوێستەی ئەمریکادا دا و گچکە بوشی تینو بەخوێنی، کردە مرۆڤدۆست و کەوتە چەواشەکردنی جەماوەرێک، کە خەریک بوو بۆ نارەزایەتی بەرامبەر بڕیارەکەی خۆپێشاندان بکەن!

ئەورۆ ئیتر رووی هیچ کامێرایەک لەبەر دەرگەی کۆبوونەوەکانی G8 نییە و ئەکتەری نێو شانۆیە سیاسییەکان خۆپیشاندەرانی ئازادیخواز و خێرخواز بەرامبەر سەرانی چەوسێنەری G8 نین، بەڵکو سەرانی (G8)ن بەرامبەر دەستە چەپەڵە شاراوەکانیان. ئایا ئەم شوێنگۆرکێیەش ڕێکەوتە؟ ئەم پەردەپۆشییەی ڕووداوە ڕاستەقینەکان بەم کارە چەپەڵانەیە، نەخشە و ئامانجی هاوبەشی تیرۆرستان و سەرانی سەرمایەی جیهانی لە پشت نییە؟

سەیرە گەر وانەبێ، ئەی بۆچ لەلایەک تەنیا لە کاتی تەنگانەی زلهێزەکان و هاوپەیمانەکانیان، تیرۆریستانی ئیسلامی چالاک دەبنەوە و نیشانەکانی لیدانیشیان تەنیا جەماوەری سڤیلیستە؟ لەلایەکیترەوە لەناوخۆی ئەفگانستان و عیراقدا، ئامانجی کارە تیرۆریستییەکانیان خەڵکی سڤیلیست و ڕفاندنی ڕۆژنامەنووس و هەوڵنێرەکانن، کە ئەمەشیان بۆ خۆی دەیان پرسیار قوتدەکاتەوە؛ لە کاتێکدا بوونی دەزگەی ڕاگەیاندنی جۆراوجۆر و ڕۆژنامەنووسانی ئازاد، بوارێک بۆ گەیاندنی ڕاستی ڕووداوەکانی ناوخۆی ئەم دوو وڵاتە داگیرکراوە دەرەخسێنێت، کە دەزگە هەواڵییەکانی دەوڵەتانی بەشدار لەو داگیرکردنانەدا، دەیانەوێت ئاوەژوویان بکەنەوە! ئایا ئەمەشیان لە نەزانییەوەیە، یا ئەوەتا لەلایەن ناوەندی شاراوەوە نەخشەیان بۆ دارێژراوە؟

گەر کەمێک لە کات و شوێنی ئەم کارانە و قوربانیان وردبینەوە، دەبینین ئامانج لێیان تەنیا خزمەت بە دوو شت دەکات:

یەکەم، بیانوو بۆ ڕەوابوونی لەشکرکێشی ئامریکا و هەوپەیمانانی بەدەستەوە دەدات، لانیکەم ئەو بیانوانە دەتوانن جەماوەرێکی فراوانی فریوخواردووی مێدیای سەرمایەداران، بۆ ماوەیەکی کورتیش بێت، لە پاشڕەوی چەوسێنەراندا ڕاگرن. هەروەها فشارێکی میدیایی بەرامبەر هەر نارەزایەتییەک بە داگیرکردن و مانەوەی هێزە داگیرکەرەکان لەناو جەماوەری نائاگادا دروستدەکات.

دووەم، لە ئاستی ناوەوەدا ڕێگری لە گەیاندنی دەنگە ناڕازییەکانیتری دەرەوەی ئەم گروپانە بەرامبەر داگیرکردنەکان دەکات و لەڕێگەی ماڵپەڕە ئەنتەرنێتییەکانی خۆیان و دەزگە هەواڵییەکانی داگیرکەرانەوە دەبنە تاقە شۆڕەسواری بەرەنگاری و لای ڕای گشتی جیهانی ڕوخساری ڕاستەقینەی کۆمەڵگەی ئەفگانی و عیراقی دەشێوێنن و لە ڕوخساری تیرۆریستانی ئیسلامیدا، دەیخەنەڕوو. هەروەها هەر هەوڵێک بۆ باشترکردنی ژیان و گوزەرانی جەماوەری چەوساوە چ لە ئەفریکا و چ لە ئاسیا، کە ئەورۆکە بزووتنەوە دژە سەرمایەدارییەکان بەدوایەوەن، پێگەی جەهالەت و گروپە مەزهەبییەکان لاواز دەکات، بۆیە دەتوانین و دەوێرین، هەوڵی ئەم گروپانە و ناوەندەکانی سەرمایەی جیهانی بە هاو ئامانج و هاو ئاراستە دابنێین، لانیکەم هەردووکیان پارێزەری ڕەوایەتی (شەرعیەتی) موڵکایەتی تایبەتین و لە نەیارییان لەگەڵ ئازادیدا، تەبا و هاوخەباتن!

هەربۆیە ناکرێ و ناتوانرێ خەبات دژی تیرۆریزمی ئیسلامی، لە خەبات دژی تیرۆریزمی دەوڵەتی و نێودەوڵەتی جیابکرێتەوە. هەوەک چۆن خەبات دژی تیرۆر بە بێ خەبات بۆ ئازادییە گشتییەکان، خەبات دژی نایەکسانی کۆمەلایەتی، خەبات دژی هەڵاوردنی ڕەگەزی، نەژادی، نەتەوەیی، ئایینی، خەبات دژی نادادپەروەری، بێسەرەنجام دەبێت. چونکە سەرچاوەی گشت گروپە تیرۆریستەکان و سەروەری چەوسێنەران، کۆمەڵگەی چینایەتییە و ئەستەمە بە بێ لێدانی پێگەی ئابووری و سیاسی و کۆمەلاتییان، بتوانرێت کۆتایی بەم توندوتیژییە جەنگەڵییانە بهێنرێت. واتە لێدان لە پایە پیرۆزەکانی کۆمەڵگەی چینایەتی؛ موڵکایەتی تایبەت و کاریکرێگرتە، کە ڕاگری سەروەری چینایەتین و سەروەری چینایەتی ئەگەرچی لەبەرگی کریستیدا بێ یا ئیسلامی، لەبەرگی دەوڵەتی تاکپارت و سەربازیدا بێ یا لەبەرگی دیموکراسی، بەبێ شەڕ و تیرۆر و ترس و دڵەڕاوکێ ناتوانێت درێژە بەتەمەنی نەگریسی بدات، ئاخر تەنیا بەهۆی ئەمانەوە دەتوانن ئێمەی چەوساوە لە کۆیلەتیدا ڕاگرن و دیوەکەیتری چەوسانەوە و هەڵاواردن و شەڕ و تیرۆر و خورافە، سەروەری چینایەتییە، کۆیلەتی ئێمەی بەشمەینەتە!